گـۆڤـاری زانـكـۆی ڕاپــەڕیــن
Journal of University of Raparin.
مجلة جامعة رابرين
E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISSN: 2410 – 1036
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
DOI:10.26750/Vol(12).No(1).Paper30
ڕێــكەوتــی وەرگــرتــن: 01/12/2024
ڕێكەوتی پەسەندكردن: 23/02/2025
ڕێكەوتی بڵاوكردنەوە: 28/02/2025

# نواندنی کارتۆگرافی بۆ توانستە مرۆییەکانی پەرەپێدانی لادێ لە ناحیەی سەرکەپکان

**چنار محمود ابراهیم[1] هێمن حسێن محمد[2] هێمن عبداللە وەستااحمد[3] پشتیوان شەفیق احمد[4]**
chnar.mahmood@uor.edu.krd - hemn.hussen@uor.edu.krd - Hemn.ahmed@spu.edu.iq - pshtiwan.shafeeq@uor.edu.krd
[1+2+3] بەشی جوگرافیا، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی ڕاپەڕین، ڕانیە، هەرێمی کوردستان، عێراق.
[4] ڕاگری پەیمانگا، پەیمانگای تەکنیکی دوکان، زانکۆی پۆلیتیکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

**پوختە**
دەرخستن و لێکۆڵینەوە لە توانستە مرۆییەکان بەها و سەنگی کەمترە نییە لە توانستە سروشتییەکان بگرە لە زۆر شوێن بنەمای دروستبونی جیاوازی شوێنییە لەئیستادا توانستە مرۆییەکانن لەم سونگەیەوە لێکۆڵینەوەکانی جوگرافیای دێنشنی لەهەوڵی زیاترکردنی توێژینەوەکانی لەم بورەدا و بەستنەوە بە پەرەپێدانی دێنشینی سەرباری ئەمە ڕێگاکانی نیشاندانی ئەو توانستانە لەسەر بنەمای کراتۆگرافی سەنگ و بەهای بەم بابەتە زیاتر داوە.
سەرچاوە مرۆییەکان توخمێکی سەرەکین لە گەیشتن بەپەرەپێدانی بەردەوام، بەتایبەت لە ناوچە دێنشینەکان کە زۆر پشت بە توانا ناوخۆییەکان دەبەستن بۆ گەیشتن بە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری. لەم چوارچێوەیەدا، نواندنی کارتۆگرافی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان گرنگییەکی زیاتر بەدەستدەهێنێت وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دابەشبونی دانیشتوان، تواناکانیان و پێداویستییەکانیان، کە بەشدارە لە داڕشتنی پلانی پەرەپیدانی یەکگرتو و کاریگەر. ناحیەی سەرکەپکان، وەک یەکێک لە ناوچە گوندنشینەکان کە تایبەتمەندی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی هەیە، ڕوبەڕوی چەندین ئاڵنگاری پەیوەندیدار بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ بەدەستهێنانی پەرەپێدانی هاوسەنگ و بەردەوام دەبێتەوە. لەبەرئەوە نواندنی کارتۆگرافی سەرچاوە مرۆییەکان دەتوانێت بینینێکی گشتگیر دابینبکات کە تێگەیشتن لە واقیعی ئێستای ناوچەکە بەرزبکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی دەرفەت و ڕوبەڕونەوەی ئاڵانگارییەکانی پەرەپێدان.
ئامانجی توێژینەوەکە هەوڵدانە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی پێشکەشکردنی بنەمایەکی یەکگرتو لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی توانا کارتۆگرافییەکان وەک ئامرازێک بۆ نیشاندان و شیکردنەوە و پلاندانان بۆ سەرچاوە مرۆییەکان لە ناحیەی سەرکەپکان، بەشێوەیەک کە خزمەت بەپەرەپێدانی هەمەلایەنەی گوندنشینەکان بکات و کارلێکی نێوان توانستە مرۆییەکان و هەوڵەکانی پەرەپێدان بەرزبکاتەوە.

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕۆڵە سەرەکییەدا دیارە کە کارتۆگرافی دەیگێڕێت لەنیشاندانی توانستە مرۆییەکان بۆ پەرەپێدانی دێنشینی. هەروەها تیشکدەخاتە سەر توانا مرۆییەکانی ناوچەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ بەدەستهێنانی پەرەپێدان، گرنگی بەو ستراتیژیانە دەدات کە پشتگیری لە باشترکردنی ئاستی ژیان و کەمکردنەوەی بۆشاییەکانی پەرەپێدان دەکەن. لەم توێژینەوەیە چەندین نەخشەی سەردەمیانەو پێویست بەکارهاتون بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیاریە جوگرافیەکان، لەکۆتاییدا لەم توێژینەوەگەیشتوین بەچەندین دەرئەنجام ڕاسپاردەی گرنگ.
**کلیلە وشەکان:** جوگرافیای دێنشنی، پەرەپێدانی دێنشینی، کارتۆگرافیا، ناحیەی سەرکەپکان

## پێشەکی:

لێکۆڵینەوە لە جوگرافیای دێنشینی و لەو چوارچێوەیەشدا پەرەپێدانی دێهاتی بۆتە تەوەرەیەکی بنەڕەتی و سەردەمی لە لێکۆڵینەوە جوگرافییەکان بونی جیاوازی توانستە مرۆییەکان بۆتە مەیدانێکی گرنگی دەرخستنی جیاوازی شوێنی لە ناوچە دیاریکراوەکان هەر بەم هۆیەوە تێڕوانینی جوگرافیناسان بۆتە بنەمایەک لەو ڕوانگەیەوە.

سەرچاوە مرۆییەکان توخمێکی سەرەکین لە گەیشتن بەپەرەپێدانی بەردەوام، بەتایبەت لە ناوچە دێنشینەکان کە زۆر پشت بە توانا ناوخۆییەکان دەبەستن بۆ گەیشتن بە پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئابوری. لەم چوارچێوەیەدا، نواندنی کارتۆگرافی بۆ سەرچاوە مرۆییەکان گرنگییەکی زیاتر بەدەستدەهێنێت وەک ئامرازێکی کاریگەر بۆ شیکردنەوە و تێگەیشتن لە دابەشبونی دانیشتوان، تواناکانیان و پێداویستییەکانیان، کە بەشدارە لە دارِشتنی پلانی پەرەپیدانی یەکگرتو و کاریگەر.

ناحیەی سەرکەپکان، وەک یەکێک لە ناوچە گوندنشینەکان کە تایبەتمەندی ژینگەیی و کۆمەڵایەتی هەیە، ڕوبەڕوی چەندین ئاڵنگاری پەیوەندیدار بە بەکارهێنانی گونجاوی سەرچاوە مرۆییەکان بۆ بەدەستهێنانی پەرەپێدانی هاوسەنگ و بەردەوام دەبێتەوە. لەبەرئەوە نواندنی کارتۆگرافی سەرچاوە مرۆییەکان دەتوانێت بینینێکی گشتگیر دابینبکات کە تێگەیشتن لە واقیعی ئێستای ناوچەکە بەرزبکاتەوە و یارمەتیدەرە بۆ دەستنیشانکردنی دەرفەت و ڕوبەڕونەوەی ئاڵانگارییەکانی پەرەپێدان.

ئەم توێژینەوەیە تیشک دەخاتەسەر لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی سەرچاوە مرۆییەکان لە ناحیەی سەرکەپکان بە بەکارهێنانی تەکنیکەکانی کارتۆگرافی تایبەتمەندنی دانشتوان و ئابوری ناحیەکە پێداویستییە بەردەستەکان بۆ پەرەپێدانی گوندەکان دیاریدەکات. هەروەها توێژینەوەکە هەوڵدەدات چارەسەری پراکتیکی پێشکەشبکات لەسەر بنەمای داتای ورد بۆ پشتگیریکردنی بڕیاردەران و لە گەیشتن بە ئامانجە خوازراوەکانی پەرەپێدان.

## گرنگی توێژینەوە:

گرنگی ئەم توێژینەوەیە لەو ڕۆڵە سەرەکییەدا دیارە کە کارتۆگرافی دەیگێڕێت لەنیشاندانی توانستە مرۆییەکان بۆ پەرەپێدانی دێنشینی. هەروەها تیشک دەخاتە سەر توانا مرۆییەکانی ناوچەکە و چۆنیەتی بەکارهێنانی بۆ بەدەستهێنانی پەرەپێدان، گرنگی بەو ستراتیژیانە دەدات کە پشتگیری لە باشترکردنی ئاستی ژیان و کەمکردنەوەی بۆشاییەکانی پەرەپێدان دەکەن.

## ئامانجی توێژینەوە:

توێژینەوەکە هەوڵدەدات لێکۆڵینەوەیەکی یەکگرتو پێشکەشبکات لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی توانا کارتۆگرافییەکان وەک ئامرازێک بۆ نیشاندان و شیکردنەوە و پلاندانان بۆ سەرچاوە مرۆییەکان لە ناحیەی سەرکەپکان،

بەشێوەیەک کە خزمەت بەپەرەپێدانی هەمەلایەنەی گوندنشینەکان بکات و کارلێکی نێوان توانستە مرۆییەکان و هەوڵەکانی پەرەپێدان بەرزبکاتەوە.

## کێشەی توێژینەوە:

کێشەی توێژینەوەکە بەچەند پرسیارێک خراوەتەڕو لەوانە:

١.ئایا نواندنی کارتۆگرافیا دەبێتە بنەمایەک بۆ خستنەڕوی توانا مرۆییەکانی ناحیەی سەرکەپکان.

٢. ئایا ئاستی توانا مرۆییەکان گونجاون بۆ پەرەپێدانی دێنشینی لە ناحیەکە.

٣. ئایا جیاوازی لەنێوان بنەما مرۆییەکان بەدیدەکرێت بەمەبەستی گەیشتن بە پەرەپێدان.

## گریمانەی توێژینەوە:

گریمانە وەڵامی کێشەی توێژینەوە دەداتەوە.

١.نواندنی کارتۆگرافیا لەئێستادا ڕێگایەکی کورت و پوختە بۆ خستنەڕوی توانا مرۆییەکان.

٢.تارادەیەک بونی بەشێک لە توانا مرۆییەکان هۆکارێکن بۆ پەرەپێدانی دێنشتنی لە ناحیەی سەرکەپکان.

٣.بەڵێ جیاوازی بەدیدەکرێت لە بونی بنەما مرۆییەکان لە ناحیەی سەرکەپکان.

## میتۆدی توێژینەوە:


ڕونکردنەوەی ئەو میتۆدۆلۆژیایەی کە لە توێژینەوەکەدا بەکارهاتوە (میتۆدی خوێندنەوە و شیکردنەوەو بەراوردکاری و هەرێمی) لەم توێژینەویە بەکارهاتوە هۆکارەکانی گەیشتن بۆ ئامانجی توێژینەوەکە بریتین لە بەکارهێنانی سیستەمی زانیاری جوگرافی (GIS) و بەکارهێنانی داتا فەرمییەکانی دانیشتوان و ئابوری لەڕێگەی دامودەزگا پەیوەندیدارەکان.


## پلانی توێژینەوە:


لەپێناو گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکە ئەم توێژینەوەیە دابەشکراوە بەسەر سێ بەشی تەوەرەی سەرەکی، یەکەمیان ناساندنی چەمک و زاراوەکان دوەمیان نواندنی کارتۆگرافی بۆ بنەما مرۆییەکانی پەرەپێدانی دێنشینی لە ناحیەی سەرکەپکان تەوەرەی سێیەم تایبەت کراوە بە پەیوەندنی نێوان توانستە مرۆییەکان و پەرەپێدانی دێنشنی لە ناحیەی سەرکەپکان لەکۆتاییدا گەیشتوین بەچەندین دەرەنجام و ڕاسپاردە.

## ناساندنی ناوچەی توێژینەوە:

سەرکەپکان یەکێکە لە ناحیەکان قەزای ڕانیە، دەکەوێتە بەشی باکوری قەزاکە، و بەشی باکوری خۆرئاوای پارێزگای سلیمانی، (نەخشەی١) لە ڕوی شوێنی ئەسترۆنۆمیەوە ناوچەکە دەکەوێتە نێوان بازنەکانی پانی ("٣٦°٢٨'٢) بۆ ("٣٦°١٥'١)ی باکور، هێڵەکانی درێژی ("٤٤°٥٢'٢) بۆ ("٤٤°٤٠'٠)ی ڕۆژهەڵات، (نەخشەی٢) ناحیەی سەرکەپکان دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی هەرێم کوردستان عیراق. لەڕوی سنوری کارگێڕییەوە سەرکەپکان هاوسنورە لەگەڵ هەریەکە لە قەزای پشدەر لە خۆرهەڵات، قەزای سۆران لە باکور، قەزای ڕانیە لە باشور، هەردو ناحیەی حاجیاوا و بێتواتەش سنوری ڕۆژئاوای پێکدەهێنی. نەخشەی (٣)، هەروەها ڕوبەی ناوچەی توێژینەوە دەگاتە (٢٠٤ کلم٢)


سەرکەپکان
بێتواتە
ڕانیە
حاجی ئاوا
چوارقورنە
ناوەندی قەزا
ناوەندی ناحیە
ناحیەی سەرکەپکان
دەریاچەی دوکان
سنووری قەزا
سنووری قەزای ڕانیە
Esri, NASA, NGA, USGS
نەخشەی (١)
نەخشەی ناحیەی سەرکەپکان بەگوێرەی قەزای ڕانیەو پارێزگای سلێمانی و هەرێمی کوردستان و عێراق
N
0 4.05 8.1 16.2 24.3 32.4
km


قەزای ڕواندز
قەزای پشدەر
سەرکەپکان
بێتواتە
ڕانیە
حاجی ئاوا
نەخشەی (٢)
ناحیەی سەرکەپکان بەگوێرەی سنوری دەورووبەری
سنووری‌ناحیە
سنووری قەزا
ناوەندی ناحیە
ناوەندی قەزا
0 0.9 1.8 3.6 5.4 7.2
km


قەزای ڕواندز
قەزای پشدەر
سەرکەپکان
بێتواتە
ڕانیە
حاجی ئاوا
نەخشەی (٣)
سنوری دەورووبەری
سنووری‌ناحیە
سنووری قەزا
ناوەندی ناحیە
ناوەندی قەزا
0 0.9 1.8 3.6 5.4 7.2
km

سەرچاوە: كاری توێژەران، پشتبەست بە: (مهدی، ٢٠١٧، ٤،٥) و بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).

## تەوەرەی یەكەم: ناساندنی چەمك و زاراوەكان:

ناساندنی چەمك و زاراوەكان لەم باسەدا وەكو پێویستیەكی توێژینەوەكە خراونەتەڕو بەم شێوەیەی خوارەوە:

### یەكەم: كارتۆگرافیا (زانستی نەخشە)

بەیەكێك لەگرنگترین لقەكانی زانستی جوگرافیا دادەنرێت، كە گرنگی دەدات بەسەرجەم كردارەكانی پەیوەست بەدروستكردنی نەخشە، هەر لەسەرەتای ئامادەكردنی نەخشەی بنەڕەتی (original base map) تاكو چاپكردن و بڵاوكردنەوەی. (محمد،2015، 10) لەبەرئەوە زانستی نەخشە بناغەیەكی سەرەكییە لە زانستی جوگرافیادا، بەبێ نەخشە جوگرافیا ناتوانێت كاری نواندن ئەنجام بدات، وێنەیەكی ڕون وئاشكرا ببەخشێ.

وشەی كارتۆگرافیا وشەیەكی لێكدراوی یۆنانیە، كەپێكدێت لەدو بەش یەكەمیان (xaptns)، كە لەبەرامبەردا لەزمانی لاتینی (chart) بەواتای لاپەڕە یان دیۆكۆمێنت یاخودنامە یان نەخشە دێت، وشەی دوەمیان (ypaipww) بەواتای (دەنوسم) یان (دەكێشم) دێت، هەردو وشەكەش بەیەكەوە بەمانای نەخشاندن لەسەر كاغەز دێت، لێرەدا كارتۆگرافیا (cartography) لە چوارچێوەیەكی تەسكدا بەواتای كێشانی نەخشە دێت، بەڵام بەواتا فراوانەكەی هەمو كردارێكی دروستكردنی نەخشە دەگرێتەوە، كە لەپرۆسەی دیاریكردنی ڕوبەری ڕاستەقینە لەسەر زەوی دەستپێدەكات تا دەگاتە قۆناغی چاپكردنی نەخشەكە.(داود،2013، 15). زانستی نەخشە چەندین پێناسەی جۆراوجۆری بۆكراوە، لەوانە:

یەكێتی كارتۆگرافیای نێودەوڵەتی(I.C.A) چەمكی زانستی نەخشەیان پێناسەكردوە، بەوەی كە بریتییە لە(هونەر و زانست و تەكنیكی زانستی نەخشە و لێكۆڵینەوەی بەوەسفكردنی بەڵگەنامەیەكی زانستی یان كردارێكی هونەری). (قادر،2014، 11).

### دوەم: نەخشە:

وشەی نەخشە لەوشەی لاتینی (mappa) وەرگیراوە، كە بەمانای پارچە قوماشێكی بچوك دێت (سەعید،2014، 11)، بەڵام پێناسەی نەخشە بەزمانە گشتیەكەی بریتییە لەنواندنی هێما یان زاراوەی بچوك و پێوانەكراو بۆ بەشێكی زەوی یان بۆ تەواوی زەوی، هەروەك چۆن لەبەرزاییەوە دەبینرێت، نەخشە بچوكترین قەبارە ڕوندەكاتەوە لەڕوبەرە ڕاستەقینەكەی، كە نوێندراوە لەسەر زەوی (احمد،2019، 14).

كۆمەڵەی كارتۆگرافەرانی جیهانی بەم جۆرە پێناسەی نەخشە دەكەن، كە بریتییە لە (نواندن بە پێوانەیەكی دیاریكراو لەسەر ڕوبەرێكی یەكسان، بۆ كۆمەڵێك دیاردە و دەرخستنی پەیوەندیان لەگەڵ یەكتری لەسەر ڕوی زەوی (الهیتی، 2006، 27).

**نەخشە:** هێڵكاریەكی ڕاست وكێشراوە لەسەر ڕویەك بەپێوەرێكی دیاریكراو، كە تەواوی ڕەگەزەكانی ڕوی زەوی یان هەندێك لە ڕەگەزەكان دەنوێنێت.(محمد، 2022، 9).

### سێیەم: پەرەپێدان (Development)

لەدیاریكردنی چەمكی پەرەپێدان چەندین بیروڕا و ئاڕاستەی جیاواز لە ژینگەیەك بۆ ژینگەیەكی ترو لە ماوەیەك بۆ ماوەیەكی تردا هەیە، لە وڵاتە تازەپێگەیشتوەكان پەرەپێدان بریتییە لە كردارێك كە ئامانجی گۆڕانی ڕیشەییە بەسەر

ژێرخان و سەرخانی پەیکەری ئابوری نیشتیمانی بەمەبەستی بنیادنانی ئابورییەکی هاوسەنگ و پێشکەوتوی بەردەوام، پاڵپشت بەبەشداری دیموکراتیانەی خەڵك لەم گۆڕانە فراوانە (عزیز، 2006، 93).

**الخیر،** بەم شێوەیە پێناسەی کردوە: پەرەپێدان لەبنەڕەتدا بریتییە لە پرۆسەی گۆڕینی ژێرخانی ئابوری و کۆمەڵایەتی بۆ هەمو ئاراستە و چالاکی و دیاردە و ئاکارە کۆمەڵایەتی و ئابورییەکان، ئەم گۆڕانە درێژدەبێتەوە بۆ هەمو لایەنێك لەلایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگە لە ڕوی بنیاد و جوڵەوە(الخیر، 2000، 14).

لە ناوەڕاستی حەفتاکانی سەدەی بیستەمەوە مانای پەرەپێدان بەمانایەکی گشتگیرتر دەرکەوت کە گرنگی دەدات بەگشت لایەنەکانی کۆمەڵگا و ژیان و ئامانجەکانی لەسەر بنەمای چاکترکردنی هەمەلایەنی بارودۆخی دانیشتوان بنیاددەنێ نەك تەنها بۆ زیادکردنی تێکڕای گەشەی ئابوری کۆمەڵگا.(غنیم و ابوزنط، 2010، 21).

## چوارەم: گوند

بریتییە لە کۆبونەوەی کۆمەڵە مرۆڤێك لە شوێنێکی دیاریکراودا بەسودوەرگرتن لە زەوی و زار و وەبەرهێنانی ئەو زەوی و زارە، بڕبڕەی پشتی ژیانی ئابوریان پێکدەهێنێت و بە پلەی یەکەم پیشەیان کشتوکاڵکردنە، ئەمەش ڕێگرنابێت لەبونی پیشە و کرداری ئابوری تر، هەندێ پیشەسازی دەستی لەناوچەگوندییەکاندا.(الهیتی وحسن، 1986، 26).

گوند، بریتییە لەوناوچەیەی کۆمەڵێك دانیشتوانی تێدا کۆبۆتەوە کە خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی تایبەت بەخۆیانن، دەکرێت دانیشتوانی گوندەکان لە هۆزێك یان عەشیرەتێك زیاتر پێکهاتبن، خانوەکانیان سادە و ساکارن و لەکەرەستەکانی قوڕ و بەرد و داری ناوچەکە دروستکراون.(حسێن، 2023، 7).

دەکرێ بڵێین گوند: بریتییە لەو ڕوبەرە زەوییانەی کە دەکەونە دەرەوەی سنوری شارەوانییەوە و دابونەریتی دانیشتوانەکەی جیاوازە لە دانیشتوانی شار و پیشەی سەرەکیان کشتوکاڵە، ئەمەش بەهەردو جۆرەکەیەوە بەرهەمهێنانی بەروبومی ڕوەکی و بەخێوکردنی ئاژەڵ، لەگەڵ چەند پیشەیەکیتر، کە لەگەڵ بارودۆخی سروشتی و مرۆیی ناوچەکەدا بگونجێت، بەڵام لەم سەردەمەی ئێستادا بەهۆی ئەو گۆڕانکارییە سیاسی و ئابوری و کەلتوریانەی کە لەدوای پرۆسەی ئازادی لە 2003/4/9 بەدواوە هاتونەتە ئاراوەو پیشەی گوندنشینان تاڕادەیەك گۆڕانی بەسەرداهاتوە.

## پێنجەم: پەرەپێدانی لادێ

لەمانگی ئابی ساڵی (1948)دا کۆنگرەی هاوینەی پەرەپێدانی کامبریدج، کە لە بریتانیا بەسترا بۆ تاوتوێکردنی کێشەی کارگێڕی لە داگیرکەرانی بریتانیا پێناسەیەکیان بۆکۆمەڵگای خۆجێی دانا، کە بە یەکەم پێناسەی زانستی دادەنرێت بۆ پەرەپێدانی دێهاتی (پەرەپێدان جوڵەیەکە مەبەست لێی چاککردنی بارودۆخی گوزەرانی تاکەکانی کۆمەڵگا خۆجێیەکانە، لەسەربنچینەی بەشداری پێکردنی ئەو کۆمەڵگایە و لەسەربنەمای دەستپێشخەری تاکەکانی کۆمەڵگا بۆ پەرەپێدان، بەڵام ئەگەر هاتو خۆیان دەستپێشخەریان نەکرد بۆ بەشداریکردن ئەوە دەبێت پەناببرێتە بەر ڕێگەچارەی ڕێکوپێك و زانستی بۆ ئەوەی ئەو هەستەیان تێدا دروست بکرێت تاوەڵامدانەوەیەکی کارا و چالاکانەیان هەبێت بۆئەو کردارە.(کریم، 2013، 116).

**پەرەپێدانی لادێ:** بریتییە لە جوڵەی گۆڕانکاری ڕیشەیی بەردەوام بە ئامانجی گۆڕینی سیستەمی ئابوری و کۆمەڵایەتی و زانیاری ڕۆشنبیری گوندنشینان، ئەمەش لە ڕێگەی چالاکییەکانی پەرەپێدان بە هەماهەنگی تەواو و گشتگیر لە هەردو ئاستی حکومی و تایبەتدا، ئەمەش بۆخستنەگەڕی زیاتری دەرامەتە سروشتی و مادی و مرۆییەکان بەبێ زیان

گەیاندن بە هاوسەنگی ژینگەیی، لەپێناو دابینکردنی خۆشگوزەرانی ئابوری و کۆمەڵایەتی ودەرونی بۆ زۆرینەی دێنشینان.(مهدی،2017، 139-١٤٠)

**پەرەپێدانی لادێ:** بریتییە لەوکۆمەڵە کردارەی کە پلان بۆ دارێژراوە بەئامانجی ڕودانی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری لە کەرتی لادێ دەبێت بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی شارستانیەتی.(رحمان، 2016، 8).

## تەوەرەی دووەم: نواندنی کارتۆگرافی توانستە مرۆییەکان لە ناحیەی سەرکەپکان:

سەبارەت بە بواری پەرەپێدانی دێهاتی چەندین بنەما و توانستی جیاواز هەیە، کە ڕۆڵیان هەیە لە پێشخستنی کرداری پەرەپێدان و بەگەڕستنی خیرای زیادکردنی پرۆسەی پەرەپێدان، ئەم توانیانە لە کوێوە سەرچاوەدەگریت و چۆن بەکاردەهێنرێ. بێگۆمان هەر شوێنەو خاوەنی توانستی تایبەت بەخۆیەتی هەندێک لە توانستەکان سروشتین و هەندێکتریان مرۆیە، بەڵام لێکدانەوەکان لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا جەخت لە زیادکردنی توانستە مرۆییەکان دەکەنەوە، کە ئێمە لەم بەشەدا هەوڵی دەرخستنی توانا مرۆییەکانی ناحیەی سەرکەپکان بۆ پەرەپێدانی دێهاتی دەدەین بەم شێوەیەی لای خوارەوە:

### یەکەم: نواندنی کارتۆگرافی بۆ تایبەتمەندییە دیموگرافییەکانی ناحیەی سەرکەپکان:

تایبەتمەدییە دیموگرافییەکان بریتییە لە نیشاندانی ئاڕاستەکانی دانیشتوان بۆ هەریەک لە قەبارە و گەشە و دابەشبون و پێکهاتەی دانیشتوان لەڕێگەی نواندنی کارتۆگرافی کە ئەمەش بۆ ڕۆژگاری ئێستا بە ڕێگایەکی خێرای خستنەڕوی ئەو توانستە دادەنرێت، کە تایبەتە بە شوێنە جیاوازەکان ناحیەی سەرکەپکان، کە خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتی، کە لێرەدا بە وردی دەیانخەینەڕو بەم شێویەی لای خوارەوە:

### ١.قەبارە و گەشەی دانیشتوان:

دانیشتوان ئەو سەرمایە مرۆییەیە، کە پەرەپێدانی گوندەکان لەسەری بەستراوەتەوە ڕۆڵی دانیشتوان لە پاڵپشتیکردنی پەرەپێدان لە ڕێگەی سروشتی چەندایەتی دانیشتوانەوە لە لایەک و کوالیتییەکەی (ئەزمونی گوندنشینەکان) لە لایەکی دیکەوە ڕۆڵی گەورەی دەبێت. (المقصود،1981، 53- 55).


بەم هۆیەوە پێویستە بەر لەهەر تایبەتمەندیەتی دانیشتوان پێویستە باس لە بونی قەبارەی دانیشتوان بکرێت، بۆ ئەم مەبەستە قەبارەی دانیشتوانی ناحیەی سەرەکەپکان پیویستە لەم توێژینەوەیەدا بەهەند وەربگیرێت و بخرێتەڕو بەم شێوەیە.

بە سەرنجدان لە خشتەی (١) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە ناحیەی سەرکەپکان لەڕوی قەبارەی دانیشتوانەوە ڕێژەی لەسەر ئاستی قەزای ڕانیە ڕێژەی ٣،٣٧%ی پێکهێناوە لەکۆی دانیشتوانی قەزای ڕانیە، ئەمەش ڕێژەیەکی گونجاوە بەهۆی تازەی ئەم یەکەیە کە تاڕادەیەک قەبارە و ڕێژەیەکی گونجاوی لەسەر ئاستی قەزای ڕانیە پێکهێناوە. (نەخشەی ٤)

خشتەی (١) قەبارەی ورێژەی دانیشتوانی ناحیەی سەرکەپکان لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای ڕانیە

| ساڵ | ٢٠٢٣ | |
|---|---|---|
| یەكە كارگێڕی | دانیشتوان | % |
| سەنتەر | ١١٥٧٨٥ | ٤٠،٤٥ |
| چوارقورنە | ٦٥٦١٦ | ٢٢،٩٢ |
| حاجیاوا | ٧٠٩٣٩ | ٢٤،٧٨ |
| بێتواتە | ٢٤٢٤٤ | ٨،٤٨ |
| سەركەپكان | ٩٦١٨ | ٣،٣٧ |
| كۆی گشتی | ٢٨٦٢٠٢ | ١٠٠ |

سەرچاوە:بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە، داتای دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین،٢٠٢٣.




سەرچاوە: كاری توێژەران، پشت بەست بەسەرچاوەی: (خشتەی ١) و بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).

## ٢. دابەشبونی ژینگەی دانیشتوان:


لە توێژینەوەی بواری دێنشنی، بەتایبەتی پەرەپێدانیاندا گرنگە و پێویستە ئاماژە بە دۆخی دابەشبونی ژینگەی بكرێت، چونكە بونی دەستی كار و زۆری كۆبونەوەی دانیشتوان لە نشینگە دێهاتییەكان تاوەكو ئێستا بە بنەمایەكی سەرەكی پەرەپێدان هەژمار دەكرێت. لێرەدا دەكرێ بڵێین مەبەست لە دابەشبونی ژینگەیی، جیاكردنەوەیە لەنێوان ئەو ڕوبەر زەوییانەی، كە دانیشتوان لەخۆدەگرێت و هەندێكیان بە گوند دادەنرێت و ئەوانی دیكە بە شار، هەروەها جیاكردنەوەیە لەنێوان كۆمەڵانی دانیشتوان، كە هەندێكیان دانیشتوانی شارن و ئەوانی تریشیان دانیشتوانی گوندن(خشتەی ٢)، بەڵام دانیشتوانی شار لە گوندنشین لەڕوی دابەشبونیان و چڕییان و شێوازی ژیانیان جیاوازن، وێڕای پێكهاتەی ئابوری و كۆمەڵایەتی و قۆناغەكانی گەشەیان. (نەخشەی ٥)

خشتەی (٢) دابەشبونی ژینگەی لەسەر ئاستی یەكە كارگێڕییەكانی قەزای ڕانیە.

| ساڵ | ٢٠٢٣ | |
|---|---|---|
| یەکە کارگێڕی | شارنشین | دێنشین |
| سەنتەر | ٩٥،٢ | ٤،٨ |
| چوارقورنە | ٨٤،٨ | ١٥،٢ |
| حاجیاوا | ٩٢.٥ | ٧،٥ |
| بێتواتە | ٧٣،٩ | ٢٦،١ |
| سەرکەپکان | ٣٧،٣ | ٦٢،٧ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە، داتای دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین،٢٠٢٣

سەبارەت بە دابەشبونی ژینگەی ناحیەی سەرکەپکان لەسەر ئاستی قەزای ڕانیە بە تێبینیکردنی خشتەی (٢) بۆمان دەردەکەوێت کە ڕێژەی دانیشتوانی ئەم ناحیە لەسەر ئاستی یەکە کارگێڕییەکانی قەزای ڕانیە لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٩ -٢٠٢٣) زۆرترین ڕێژەی دێنشنی پێکهێناوە بە جۆرێک ڕێژەی دێنشینی لەسەر ئاستی ناحیەکە دەگاتە (٦٢،٧%) ئەمەش بنەمایەکی گرنگی مرۆیە لە بواری پەرەپێدانی دێنشینیدا.




نەخشەی (٥)

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشت بەست بە سەرچاوەی : (خشتەی ٢) و بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).

## دووەم: چالاکیە ئابورییەکان:

جیاوازی بارودۆخی سروشتی ناوچەکان و جۆری بیرکردنەوەی مرۆڤەکان لەپێناو بەدیهێنان و پڕکردنەوەی پێداویستیەکانیان، بەژێدەرێکی سەرەکی دادەنرێن بۆ دەرکەوتنی جیاوازی جۆری چالاکیە ئابوریەکان، هەر لەبەرئەوە چالاکیە ئابوریەکانیش کەمرۆڤ دەیان نوێنێ فرەجۆرن، هەر لە کۆکردنەوە و لێکردنەوە، هەتاوەکو ڕاو و دەست بەسەراگرتنی دارستانەکان و شوانکاری و کشتوکاڵ و کانزاکاری و پیشەسازی و خزمەتگوزارییەکان. (حسێن،2002، ١٥)

لیرەدا باس لە چالاکی کشتوکاڵی و گرنگی ئەم چالاکیە لەڕوی بنەماکانی پەرەپێدانی دێهاتی دەخەینەڕو ئەم چالاکیە دەرخستنی لەڕێگەی ئاستی زەوی چێنراو بەرهەم و ژمارەی جوتیاران و ئاژەڵداری دەخەینەڕو بەم شێوەی: (خشتەی٣) و (خشتەی٤)

خشتەی(٣) ئاستی ڕوبەری شیاو چێنراوی ناحیەی سەرکەپکان لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٥ و ٢٠٢٣)

| ساڵ | ڕوبەری زەوی چێنراو | ڕوبەی زەوی شیاو |
|---|---|---|
| ٢٠١٥ | ٢١٥٦ | ١٦٤٤٠ |
| ٢٠٢٣ | ٢٥٨٩ | ١٦٤٤٠ |

سەرچاوە: بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، داتای نوسراو بەکومپیوتەر، بڵاونەکراوەتەوە،٢٠٢٣


بەتێبینکردنی خشەی (٣) بۆمان دەردەکەوێت کە ناحیەی سەرکەپکان یەکێکە لەو ناحیانەی، کە لەڕوی ڕوبەری زەوی شیاوی کشتوکاڵی ناوچەیەکی گونجاوە و بەجۆرێک کە ڕوبەری زەوی شیاوی (١٦٤٤٠) دۆنمە، ئەمەش ساڵانە ڕوبەری داچێنراوی ساڵانە دەگۆڕێت بەجۆرێک لە ساڵی (٢٠١٥) گەیشتۆتە (٢١٥٦) دۆنم وە بۆ ساڵی (٢٠٢٣) گەیشتۆتە (٢٥٨٩) دۆنم ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە ڕوبەری داچێنراوی دەکرێت زیادبکرێت کە کرداری پەرەپێدانی تێدا ئەنجامبدرێت.

خشتەی(٤) سامانی ئاژەڵ لە ناحیەی سەرکەپکان لە ماوەی ساڵانی (٢٠١٥ و ٢٠٢٣)

| ساڵ | مەڕ | بزن | مانگا | گامێش | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠١٥ | ٥١٠٣ | ١٢١٥٠ | ٣٩٣٣ | - | ٢١١٨٦ |
| ٢٠٢٣ | ٦٤١٥ | ١٣٥٥٦ | ٤٩٥٤ | - | ٢٤٩٢٥ |

سەرچاوە:بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری ڕانیە، داتای نوسراو بەکۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە،٢٠٢٣

بەتێبینیکردنی خشەی (٤) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ناوچەکە ناوچەیەکی لەبارە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ و زیادکردنی ژمارەی ئاژەڵ لە داهاتو، بەڵام هەر لە هەمان خشتەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوی، کە زۆرترین ڕێژەی ئاژەڵ لەم یەکەیە بریتییە لە جۆری بزن کە ژمارەی سەر بزنەکانی لەساڵی ٢٠٢٣ گەیشتۆتە ١٣٥٥٦ سەر ئەمەش بەهۆی هەڵکەوتەی تۆپۆگرافی ناحیەکە، کە زۆرترین ڕێژەی ناوچەی بەزری پێکهێناوە، (نەخشەی ٦) ژمارەی ئاژەڵ لەم ناحیەیە توانای زیادبونی هەیە بەهۆی هەڵکەوتەی شوێنی بونی پاوان و لەوەڕگای سروشتی زۆر لەسەر ئاستی ناحیەکەدا.




نەخشەی (٦) نەخشەی بەرزی و نزمی ناحیەی سەرکەپکان

سەرچاوە:کاری توێژەران، پشت بەست نەخشەی مۆدیلی دیجاڵی 12.5 مەتر:(DEM 12,5) و بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).

لەڕوی چالاكی پیشەسازی ئەم ناوچەیە تاڕادەیەک هەژارە لەڕوی بونی كارگەی بچوک و مامناوەند و گەورە زیاتر پرۆژە و كارگە پیشەسازییەكان لەسنوری قەزای ڕانیە لە هەرەیەک لە ناحیەكانی سەنتەر و حاجیاوا و چوارقوڕنە و بێتواتە كۆبونەتەوە. ناحیەی سەرکەپکان کەمتر دەوڵەمەندە بە بونی کارگە ئەمەش زیاتر بۆ هەڵكەوتەی سروشتی توپۆگترافی و کەمی زەوی دەگەڕێتەوە سەرباری ئەوە ئەم ناوچەیە لەڕوی دامەزراندنی كارگەی پیشەسازی خۆراكی ناوچەیەكی لەبارە.

## سێیەم: گەشتوگوزار:


ئەم سەیرانگایەنەی کەوتوتە باکوری سنوری قەزای ڕانیەوە لە ناحیەی سەرکەپکان دەتوانین بڵێین ئەو سەیرانگانەن کە زیاتر لەوەرزە گەرمەكان گەشتیار ڕوی تێدەکەن، ئەمەش بەهۆی بون ڕوپۆش ڕوەكی و بونی چەندین چەم و ڕوبار و بەرزی لەئاستی ڕوی دەریا کە هەمو ئەمانە وایانکردوە ئەم ناوچانە ببنە ناوچەیەكی فێنک و لە وەرزی هاوین گەشتیاران ڕوپی تێبکەن (یوسف،٢٠١٧، ١٣٥)سەرەڕای ئەوە کە ئەم ناچەیە چەندین پرۆژەی گەشتیاری لەم ساڵانەی دوای کراونەتەوە هەر لە کەپرو کافتیار و چێشتخانە و شوێنی حەوانەو لەوانە (ناوچەی گەشتوگوزاری دیمان، دۆڵی شاوریێ، گوڵان، کانیەڕەش، دارەبەن،کەویێن، پڵینگان) هەروەها چەندین چێشتخانەی و ڕیستۆرانتی گەشتیاری تێدا کراوەتەوە لەوان: (چێشتخانەی نسێ و شاهۆر) بڕوانە وێنەی(١) و (نەخشەی ٦)

وێنەی (١) ناوچە گەشتیارەکانی سنوری ناحیەی سەرکەپکان





ڕێککەوت: ٢٠٢٤/٨/١٤




نەخشەی (٧)

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە: (کاری مەیدانی ٢٠٢٤/٨/١٤) و بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).

### چوارەم: ڕێگاکانی گواستنەوە:

ڕێگاکانی گواستنەوە بڵاوبونەوەی تۆڕەکانیان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆش پەیوەندی بە کۆی چالاکییەکانی دانیشتوانەوە هەیە لەوانە (ئابوری و کۆمەڵایەتی)، هەروەها چالاکییە کشتوکاڵی و پیشەسازییەکان. (حبیب و طعماس، ١٩٨٩، ١٨٧) جگەلەمە جوڵەی دانیشتوانیش لە ناوچەیەکەوە بۆ ناوچەیەکیتر پەیوەندی بەم لایەنە و ڕادەی پێشکەوتنییەوە هەیە.(الجوهري و محمد، ١٩٧١، ٩٢)

سەبارەت بەناحیەی سەرکەپکان بەستنەوەی بەتۆڕەکانی گواستنەوەی لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکانی دەوربەری تارادەیەک ناوەندێکی گونجاوی هەیە لە دوری لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکانی دەوروبەری بەجۆرێک لە ناوەندی ئیدارەی ڕاپەڕین واتا قەزای ڕانیە تەنها نزیکەی (٧ کم) دورە خشتەی(٥)، هەروەها لەسەنتەی قەزای پشدەر (٣٦،٨کم) دورە بۆ ناحیەکانی تر دوریيان لەنێوان (٢٠-٢٤ کم) دایە، ئەمەش لەڕوی ئابوری و کۆمەڵایەتی و بۆتە بنەمایەکی گرنگ بۆ بەرەو پێشبردنی ئەم ناوچەیە بۆ جۆرێک ساغکردنەوە بەروبومە کشتوکاڵییەکان بەتایبەتی بەروبومی سەورزە و میوە بەئاسانی دەگاتە ناوەندی شاری ڕانیە و حاجیاوا و چوارقورنە بەجۆرێک کە ئەگەر کەمترین بەرهەمیان هەبێت بیگەینە بازاڕەکانی ئەم ناوچانە (ڕابەر محمد عبدالله، خەڵکی گوندی کەوبێت،١١-١٢-٢٠٣٤)، سەرەڕای ئەمە بونی هۆکاری گواستنەوەی تایبەت لەلایەن خەڵکی دێهاتەکان وایکردوە خەڵکی ئەم ناوچەیە ڕۆژانە سەردانی هەریەک لە ناوەندی شاری ڕانیە بکەن، ئەمەش کاریگەری زۆری کردۆتە سەر ئاستی ئابوری و لایەنی کۆمەڵایەتی ئەم ناوچەیە (محمد ابراهیم قادر، خەڵکی گوندی دارەبەن،١٠-١٢-٢٠٢٤ ). ئەمەش لە ڕوی پەرەپێدانی دێهاتی دەکرێت لە داهاتو زیاتر گرنگی بەم پەیوەندیيانە بدرێت. هەروەها سەبارەت بەجۆری دابەشبونی تۆڕەکانی گواستنەوە لە نێوان نشینگە دێهاتییەکانی ناحیەی سەرکەپکان بەسەیرکردنی خشەی (٦) و (نەخشەی ٨) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەکۆی (٥٠) نشینگە نزیکەی (٢٣) نشینگەیان ڕێگەی قیرتاویان هەیە، ئەوانی تر ڕێگاکەیان خۆڵە ئەمەش لەڕوی تۆڕەکانی گواستنەوە ئاستێکی گونجاوە و دەکرێت لەداهاتو زیاتر گرنکی پێبدرێن.

خشتەی(٥) دوری ناحیەی سەرکەپکان لەگەڵ یەکە کارگێڕییەکانی دەوربەری


| شار | دوری ڕێگا/کم |
|---|---|
| ڕانیە – سەرکەپکان | ٧ |
| حاجیاوا- سەرکەپکان | ٢٠ |
| چوارقورنە - سەرپکان | ١٤،٢ |
| بێتواتە – سەرکەپکان | ٢٤،٨ |
| قەڵادزی- سەرکەپکان | ٣٦،٨ |

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە: (احمد، ٢٠١٩، ١٠٠)

خشتەی(٦) دابەشبونی جۆری ڕێگاکانی گواستنەوە لەسەر ئاستی نشینگە گوندییەکان

| ناحیە | ڕێگای خوڵ /کم | ڕێگای قیڕ/کم |
|---|---|---|
| سەرکەپکان | ١٨ | ٣٢ |

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە: (احمد، ٢٠١٩، ١٠٠)




سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە: (احمد، ٢٠١٩، ١٠١) و بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).

## پێنجەم: ژێرخانی کۆمەڵایەتی:


ژێرخانی ئابوریە بریتییە لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان کە پێویستە بۆ خستنەگەڕی هەر پرۆژەیەکی تایبەت بە دانیشتوان و بواری پەرەپێدانی بونی هەبێت وەك تۆری ئاو، ئاوی شیرین، کارەبا، تەلەفۆن، خزمەتگوزارییە تەندروستییەکان و پەروەردەییەکان......سەرهتد.(توفيق، ١٩٩٧، ٤٤)

سەربارەت بە نشینگە گوندییەکانی ناحیەی سەرکەپکان هەروەکو لە خشتەی (٧) نیشان دراوە تاڕادەیەک بەشێکیان لەم خزمەتگوزاریانە بۆ دابینکراوە لە بەرامبەردا بەشێک لە نشینگە دێهاتیەکان بێبەشن لەم پرۆژانە بەجۆرێک لەکۆی ٥٠ نشینگە نشینگە خزمەتگوزاری فێرکاری لە ڕوی خویندنگەو بۆ دابینکراوە و (٨) نشینگە بنکەی تەندروستی تێدایەو هیچ نەخۆشخانەیەکی تێدا نییە سەبارەت بە پرۆژەی ئاوی خواردنەوە ٢٤ نشینگە پرۆژەی تێدایە و ئەوانی تر بێبەش و سەبارەی بە کارەبای نیشتمانی سەرجەم گوندەکان کارەبای نیشتمانیان بۆ دابین کراوە بەڵام کارەبای مۆلیدەی گشتیان نییە بەشێکیان مۆلیدەی تیبەت بە خۆیان هەیە بۆ ڕاپەڕاندنی کارەکانیان (چاوپێکەوتن)، ئەمەش لەڕوی بواری پەرەپێدانەوە زیاتر پێوستی بە ئاوڕدانەوە هەیە. (نەخشەی ٩،١٠،١١،١٢)

خشتەی (٧)خزمەتگوزرای ژێرخانی ئابوری لە ناحیەی سەرکەپکان ٢٠٢٣

| یەکە | ژمارەی نشینگە دێهاتییەکان | خوێندنگا | | بنکەی تەندروستی | | پرۆژەی ئاوی خواردنەوە | | تۆڕی کارەبا | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | بینای ئاسایی | گل یان کابینە | بینای ئاسایی | گل یان کابینە | پرۆژەی هەیە | پرۆژەی نییە | نیشتمانی | مۆلیدە |
| سەرکەپکان | ٥٠ | - | 14 | ٨ | - | ٢٣ | ٢٧ | ٥٠ | ٠ |

سەرچاوە:بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای نوسراو بەکۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣





نەخشەی (٩)

دابەش بوونی بینای خوێندگاکان
لەسەر ئاستی نشینگە دیهاتیەکان لە ناحیەی سەرکەپکان

0 0.91.8 3.6 5.4 7.2 km

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە: (خشتەی ٧) و بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).





نەخشەی (١٠)

دابەش بوونی بینای بنکەی تەندروستی
لەسەر ئاستی نشینگە دیهاتیەکان لە ناحیەی سەرکەپکان

0 0.91.8 3.6 5.4 7.2 km

سەرچاوە: کاری توێژەران، پشتبەست بە: (خشتەی ٧) و بەکارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).





نەخشەی (١١)

دابەش بوونی پرۆژەی ئاوی خواردنەوە
لەسەر ئاستی نشینگە دیهاتیەکان لە ناحیەی سەرکەپکان

0 0.91.8 3.6 5.4 7.2 km

سەرچاوە: كاری توێژەران، پشتبەست بە: (خشتەی ٧) و بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).




نەخشەی (١٢)

دابەش بوونی تۆری کارەبای نیشتمانی
لەسەر ئاستی نشینگە دیهاتیەکان لە ناحیەی سەرکەپکان

0 0.91.8 3.6 5.4 7.2 km

سەرچاوە: كاری توێژەران، پشتبەست بە: (خشتەی ٧) و بەكارهێنانی بەرنامەی (ArcGIS Pro).

**باشی سێیەم: کاریگەری توانستە مرۆییەکان لەسەر پەرەپێدانی لادێ:**

سەبارەت بەکاریگەری توانستە مرۆییەکان لەڕوی کرداری پەرەپێدان لە ناحیەی سەرکەپکان دەکرێت لەچەند خاڵێکدا بیخەینەڕو:

١.لەڕوی قەبارەی دانیشتوانەوە تاوەکو قەبارەی دانیشتوان زیاتر بێت ئاستی بەرهەم زیاتربێت ئەوا کرداری پەرەپێدان باشتر ئەنجامدەدرێت و زۆرجار زۆری ژمارەی دانیشتوان بنەمایە بۆ ئاستی پەرەپێدان. چونکە پەیوەندی نێوان دانیشتوان و پەرپێدان پەیوەندییەکی هاوبەش و دولایەنەیە. ئەگەر زیادبونی دانیشتوان بە گۆڕاوەکانی منداڵبون و مردن و کۆچکردن ڕونبکرێتەوە، ئەوا ڕەنگە هەمان ئەم گۆڕاوانە بە پەرەپێدان ڕونبکرێتەوە، یان بە واتایەکیتر دەتوانرێت دانیشتوان وەک بەرهەمهێنەر و بەکاربەر لە هەمان کاتدا سەیربکرێت و هەروەک چۆن ژمارەی دانیشتوان زیاددەکات لەسەر ئاستی هەرێم یان وڵات بەگشتی واتە زیادبونی ئەوکەسانەی پێویستیان بە خۆراک هەیە، بە مانای زیادبونی هێزی مرۆیی بەردەستە بۆ زیادکردنی بەرهەمی گشتی نیشتمانی و دابینکردنی خۆراک بۆ هەر تاکێکی نوێ (الشوارە و الحبیس، ٢٠٠١، 334-335). کەواتە ئاستی زۆری و قەبارەی دانیشتوان لە ناحیەی سەرکەپکان تاڕادەیەک کەمە و دەکرێت زیادبکرێت و توانای پەرەپێدان بەرەو باشتر ببرێت لەسەرجەم بوارەکان.

٢.لەڕوی دابەشبونی ژینگەی تاوەکو دانیشتوان زیاتر لە ناوچە دێهاتییەکان کۆبێتەوە بۆ پرۆژەکانی بواری پەرەپێدان سودی زیاترە لەسەرجەم ناوچەکانی جیهان ئاڕاستەی دابەشبونی دانیشتوان لە تەواوی جیهان بەرەو خڕبونەوە لە شارەکان، ئەمەش کاریگەری نەرێنی کردۆتە سەر بواری ئابوری و کۆمەڵایەتی و ژینگەی و ڕامیاری و....هتد. بەڵام بەتێبینکردنی خشتەی (٢) ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئاستی دابەشبونی ژینگەی لەسەر ئاستی ناحیەی سەرکەپکان ئاستێکی گونجاوە ئەمەش بۆ ئەنجامدانی کردای پەرەپێدان زۆر سودبەخش دەبێت بە جۆرێک ڕێژەی (٦٢،٧%) ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە بەراورد بەسەرجەم یەکەکانی تر.

٣.سەبارەت بە چالاکییە ئابورییەکان لەوانە ئاستی زەوی چێنراو ئاستی زەوی شیاو بەتێبنیکردنی خشتەی (٣) بۆمان دەردەکەویت کە ناوچەیەکی شیاوی بەرهەمی کشتوکاڵییە و ئاستی زەوی شیاوە، کە لە داهاتودا بکرێتە کشتوکاڵ ئەمەش زیاتر بە ئەنجامدانی کردای پەرەپێدان پێویستە جێبەجێبکرێت. هەروەها سەبارەت بە بونی سامانی ئاژەڵ هەروەکو لەخشتەی(٤) خراوەتەڕو ئاستی سامانی ئاژەڵ لە ناحیەی سەرکەپکان گونجاوە دەکرێت لەداهاتودا ئەم ژمارەیە چەند هێندە بکرێت، چونکە ناوچەیەکی خاوەنی لەوەڕگایەکی سروشتی زۆرە. هەروەها لەڕوی ناوچەی گەشتوگوزاری ناحیەی سەرکەپکان سروشتێکی یەکجار گونجاوی هەیە لەڕوی بنەما سروشتییەکانی بواری گەشتوگوزار، کە لە ئێستادا بەشێک لە نشینگە گوندییەکان بە ئاڕاستەی بواری گەشتیاری دەچن و دەکرێت لە داهاتو زۆرترین پرۆژەی گەشتیاری تێدا ئەنجام بدرێت، ئەمەش کرداری پەرەپێدانی ئابوری بەدوایخۆیدا دەهێنێت.

٤.لەڕوی ڕێگاوبان ناحیەی سەرکەپکان بەتۆڕێکی گونجاوی ناوچەکانی دەوربەی بەستراوەتەوە، ئەمەش لایەنێکی گرنگە بۆ بواری ئابوری ئاستی کرداری پەرەپێدان، هەروەها بەشێکی زۆری نشینگە گوندییەکان لەڕوی ڕێگاوبان ڕێگای قیرتاوکراون یاخود چەورێژن هەوەکو لەخشتەی (٦) نیشاندراوە.

٥. سەبارەت بە بواری خزمەتگورای تەندروستی، و پەروەردە و پرۆژەکانی ئاو کارەبا ئەم یەکەیە تاڕادەیەک لەبواری پەروەدە و تەندروستی پێوستی بە ئاوڕدانەوەی زیاتر هەیە لەڕوی ئەوەی بەشێک لە نشینگە دێهاتییەکانی بێبەشن لەو

خزمەتگوزاریانە هەروەکە لە خشتەی (٧) خراوەتەڕو کە لەکۆی (٥٠) نشینگە تەنها (14) نشینگە خوێندنگای تێدایەوە ئەوانی تر بێبەش ئەمەش کردای تەواوکردنی خوێندنی بۆ خویندکارانی بەشێک لەگوندەکان ئەستەم کردوە، بەڵام سەبارەت بە بونی پرۆژەی ئاو کارەبا تاڕادەیەک نشیگە دێهاتییەکان ئاستی ئەم خزمەتگوزارییان تێدا گونجاوە.

**دەرئەنجام:**

١. ناحیەی سەرکەپکان لەڕوی هەڵکەوتە و شوێنەوە گونجاوە بۆ پەرەپێدانی دێنشینی، بەهۆی زۆری ژمارەی نشینگە و هەڵکەوتەی بەرزونزمییەوە.

٢. لەباری دابەشبونی ژینگەی ناحیەی سەرکەپکان بەهۆی ئەوەی ڕێژەی(٦٢،٧%) دانیشتوانەکەی لە گوندەکان نیشتەجێبونە، هۆکارێکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکانی پەرەپێدانی دێنشینی.

٣. لەڕوی ئابورییەوە ناحیەیەکی گونجاوە بەتایبەتی لەڕوی زەوی کشتوکاڵ بەجۆرێک زەوی شیاوی کشتوکاڵی (١٦٤٤٠) دۆنمە ئەمەش دەکرێ لەڕێگەی پرۆسەی پەرەپێدان زیاتر بکرێت.

٤. زۆری ژمارەی ئاژەڵ لەباری ناوچەکە بۆ بەخێوکردنی ئاژەڵ بنەمایەکی گونجاوە بۆ زیادکردنی ئاستی داهاتی ئاژەڵداری بۆ دانیشتوانی ناوچەکە لەڕێگەی پەرەپێدانی دێنشینی.

٥. نیشاندانی پرۆژەکانی ژێرخانی ئابوری لەڕێگەی کارتۆگرافی دەکرێت بکرێتە بنەما بۆ دابینکردنی زیاتری خزمەتگوزارییەکان بەهۆی نەخشە خزمەتگوزارییەکانەوە.

**ڕاسپاردە:**

١.گرنگی دانی زیاتر بەوجۆرە توێژینەوە زانستیانە کە بەهۆی نواندنی کارتۆگرافی ئاسانکاری دەکات بۆ نیشاندانی بنەما گرنگەکانی پەرەپێدانی دێنشینی.

٢.کردنەوەی ناوەندێکی ئاماری لە سەر ئاستی ناحیەی سەرکەپکان بۆ بواری دیموگرافی و ئابوری و خزمەتگوزارییەکان بەمەبەستی دەستخستنی داتای گونجاو.

٣.گرنگیدان بە ناوچە کشتوکاڵییەکان و شوێنی بەخێوکردنی ئاژەڵ و کردنەوەی خولی تایبەت بۆ پەرپێدانی زیاتری دێنشینی لە ناحیەی سەرکەپکان.

٤. گرنگیدانی زیاتر بە ناوچە گەشتیاریەکان دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان و هاندانی سەرمایەداران بۆ خستنەگەڕی سەرمایەگوزاری زیاتر لە ناوچە گەشتیارەکان و ئەمەش بنەمایەکە بۆ گۆڕینی پیشەو زیادبونی ئاستی داهات لەلایەن دێنشینانەوە.

# Cartographic Representation of Human Capabilities for Rural Development in Sarkapkan District

**Chnar Mahmood Ibrahem[1] Hemn Hussen Muhammed[2] Hemn Abdullah WastaAhmad[3] Pshtiwan Shafeeq Ahmad[4]**

[1+2+3]Department of Geography, College of Human Sciences, University of Raparin, Ranya, Kurdistan Region, Iraq.

[4]Dean of Institute, Dukan Technical Institute, Sulaimani Polytechnic University, Sulaimani, Kurdistan Region, Iraq.

## Abstract:

Demonstrating and researching human capabilities is no less valuable than natural capabilities in many places, human resources are the basis of current spatial differences Therefore, rural geography research is trying to increase its research in this field and link it to rural development.

Human resources are an essential element in achieving sustainable development, especially in rural areas that rely heavily on local capabilities to achieve social and economic development. In this context, the cartographic representation of human resources is gaining importance as an effective tool for analyzing and understanding the distribution of the population, their capabilities and needs, which contributes to formulating integrated and effective development plans Serkabkan area,

As a rural area with environmental and social characteristics, it faces many challenges related to the optimal use of human resources to achieve balanced and sustainable development. Therefore, human resource maps can provide a comprehensive vision that enhances understanding of the current reality of the region and helps identify opportunities and address development challenges. Purpose of the study

It is an attempt to provide a unified basis for how to use cartographic capabilities as a tool for displaying, analyzing and planning human resources in the Sarkabkan area, which serves the comprehensive development of villagers and enhances the interaction between human capabilities and development efforts. The importance of this study

The main role of mapping in showing the human potential for rural development is clear. It also highlights the human potential in the region and how it can be used to achieve development, focusing on strategies that support improving living standards and narrowing development gaps.

In this study, many modern maps were used using geographic information systems, and finally we reached several important conclusions and recommendations.

**Keywords:** Rural Geography, Rural Development, Mapping, Sarkapkan District

**سەرچاوەکان:**

احمد، ڕۆشنا محمد (2019)، شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆتۆری ڕێگاکانی گواستنەوە لە ئیدارەی ڕاپەڕین(بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان(GIS)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین.

حسێن، بێستون احمد (2023)، جوگرافیای دێنشینی تێروانینێکی سەردەمیانە، چاپی یەکەم، چاپخانەی بەیبون.

حسين" عدنان السيد، جێوگرافیای (ئابوری – دانیشتوان)ی جیهانی هاوچەرخ، وەرگێرانی: فەرمان عبدالرحمن و محمد فاتح، زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی، 2002.

رحمان، ڕەنجدەر کامەران (2016)، توانستەکانی گەشەپێدانی لادێیی لە قەزای دەشتی هەولێر (لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای لادێیی)، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

سەعید، فوئاد خالید(2014)، نەخشەسازی و دروستکردنی نەخشە بەسیستەمی زانیارییە جوگرافییەکان(GIS)، چاپخانەی یاد، سلێمانی.

مهدی، سیروان محمد (٢٠١٧) شیکردنەوەی شوێنی نشینگە دێهاتییەکانی قەزای ڕانیە و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، بەشی جوگرافیا، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی ڕاپەڕین.

عزیز، ڕوستەم سەلام (2006)، دابەشبونی جوگرافی نشینگە گوندییەکان لە قەزای کۆیە و کاریگەری لەسەر کرداری پەرەپێدان، کۆلێجی پەروەردە، بەشی جوگرفیا، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی کۆیە.

قادر، محمد علی (2014)، نواندنی کارتۆگرافی تایبەتمەندییە سروشتییەکانی قەزای ڕانیە بەبەکارهێنانی (RSو GIS)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، ماستەرنامە (بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی.

کریم، بشار عادل (2023)، شیکرنەوەیەکی شوێنی نشینگە دێهاتیەکانی قەزای کەلار و ڕەهەندەکانی پەرەپێدانیان، کۆلێژی ئەدەبیات، بەشی جوگرافیا، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر.

محمد، دانا عباس (2022)، نواندنی نەخشەیی بۆ دانیشتوانی قەزای پشدەر بەبەکارهێنانی سیستەمی زانیارییە جوگرافیەکان، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، زانکۆی ڕاپەڕین.

محمد، ئارام حسن (2015)، نواندنی کارتۆگرافی تایبەتمەندییە سروشتیەکانی قەزای کەلار (بەبەکارهێنانی هەردو بەرنامەی GISو RS )، سکوڵی زانستە مرۆڤایەتییەکان، بەشی جوگرافیا، ماستەرنامە(بڵاونەکراوە)، زانکۆی سلێمانی.

الجوهري، يسري عبدالرزاق و محمد، حافظ مصطفى(١٩٧١)، جغرافية السكان، دارالكتب الجامعية، بلا مكان الطبع.

الخير، صفوح(2000)، التنمية واتخطيط الاقليمي، مطبعة وزارة الثقافة، دمشق.

الهيتي، صبرى فارس، حسن، صالح فليح (1986)، جغرافية المدن، مدرية دارالكتب للطباعة والنشر، الموصل.

الهيتي،عمار عبدالرحمن (2006)، اساسيات النظم المعلومات الجغرافية، دارالمناهج للنشر والتوزيع، عمان.

توفيق، ماهر عبدالعزيز (١٩٩٧)، صناعة السياحة، دار زهران للنشر والتوزيع، عمان، اردن.

حبيب، عبدالعزيز محمد و طعماس، يوسف يحيى(١٩٨٩)، جغرافية النقل و التجارة الدولية، دارالكتب للطباعة والنشر، جامعة الموصل، الموصل.

داود،جمعة محمد (2013)، المدخل الى الخرائط، النسخة الاولى، مكة مكرمة، المملكة العربية السعودية.

غنيم، عثمان محمد، ابوزنط،ماجد (2010)، التنمية المستدامة فلسفتها واساليب تخطيطها وادوات قياسها، ط1، دارصفاء للنشر والتوزيع، عمان.

بەرنامەی (ArcGIS Pro).

کاری مەیدانی ٢٠٢٤/٨/١٤

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری ڕانیە، داتای دانیشتوانی ئیدارەی ڕاپەڕین،٢٠٢٣.

بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵی ڕانیە، داتای نوسراو بەکومپیوتەر، بڵاونەکراوەتەوە،٢٠٢٣

بەڕێوەبەرایەتی ڤێتەرنەری ڕانیە، داتای نوسراو بەکۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە،٢٠٢٣

بەڕێوەبەرایەتی ئاماری سلێمانی، داتای نوسراو بەکۆمپیوتەر، بڵاونەکراوە، ٢٠٢٣